# ئایا کورد سەرۆکی هەیە؟!

## وێنەیەکی کاریکاتۆری سەرۆك لە رۆژنامەیەکدا لام گەورەترو پیرۆزترە  تا بینینی لە کۆشکێکدا !؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

چەند گرانە رێك پۆشی و دیبلۆماتگەری و حیکمەتدیدەیی سەرۆك، تا ئەو رادەیەی کە ناکرێت هەموو سەرکردەو مرۆڤێك بێتە سەرۆك، چونکە سەرۆك وەك خودی سەرۆك خۆی خاوەنی فەزاو جیهانبینی و ئەخلاق و فۆرمی تایبەتی خۆیەتی و ناکرێت هەموو کەسێك سەرۆك بێت، گرانی و قورسایی بەهای سەرۆك لەوەدا نییە کە قسە ئەکات و خەڵك گوێی بۆ ئەگرن و ئەچێتە ناو ئەتەکێتەکانی خۆیەوە، چونکە بەم تێگەشتنەوبەو ئەتەکێتەوە هەموو کەس ئەتوانێ سەرۆك بێ، بەڵکو لەوەدا کورت ئەبێتەوە کە سەرۆك لە ماناکانی خزمەتزانی و حیکمەتگۆیی بزانێت بەبێ جیاکاری ئایدۆلۆژی، کە ئەمانە وەکو خەسڵەت و بنەمای نەگۆر ئەبێت بیچەسپێنێت و کاری لە سەر بکات، ئاخر ناکرێت وێنەی سەرۆك بە وێنەی کەسە کەمخوێن و لاوازەکان بشاردرێتەوەودەورە بدرێت، دەرکەوتنی سەرۆك وەکو خۆی لە سەرجەم کایە کۆمەڵایەتیەکاندا دەرکەوتنێکی راستگۆیانەی هاوچەرخەو ناکرێت جامە تاریکەکان فریویان بدات، بەتایبەتی پرسی سەرۆکایەتی وەکو کولتور بۆ کورد پرسێکی تازەو پێنەگەشتووە، ئێمەلە مێژوودا خاوەنی دەیان سەرکردەو رێبەریی شۆرش و جوڵانەوەی نیشتیمانی بوین بەڵام خاوەنی سەرۆکایەتیەکی دەوڵەتی نەبووین، بۆیە زاراوەی سەرۆك بە ئەتەکێتی ئێستاوە شتێکی نوێ و رادیکاڵەو خەونێکی تری کوردە بە ئاراستەی بە مەدەنیکردن و بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکانمان، سەرکردەو پێشمەرگەی دوێنێ کە بە ئاوو نانە رەقەی شاخ و مەمکی کانیاوەکانی لادێ گەورەبوون قورسایی و رێزی تایبەتیان هەیە، ئەبێ ئەوەندە هۆشیاربن کە ئەو خەسڵەتانە لە شاردا وون ئەبن و شارو حوکم فریودەرن بۆیە بەسەرۆکبونیان ئەو رێزەیان زیاد ناکات ئەگەر خاوەنی دیدی تازەو بەرنامەی تازەگەری و خزمەت و پرۆژەی وەکیەکی هاوولاتیی و جڤاکیانەی کورد نەبن،

ئەم وێسگەیەش وێسگەی سەرۆکایەتی کۆمارو سەۆکایەتی هەرێم وەکو وێسگەی حیزب نییە بەڵکو برێکی زیاتر حیکمەت و ووردبینی  دەوێت و هەر لەحزەیەکیش سەرۆك دەبێت سنگ فراوان بێت بۆ رەخنەو گازندای هاوولاتیان و پەرە بەدەزگای مۆدێرن و نوێ بدرێت تا لێپێچینەوە بکات لە باخەڵی لێپرسراوان و گەندەڵی فەرمانگەو دەزگاکانیش کەم بکاتەوە.

کورد لە دەورانی رێگایەکی سەختدایە بۆ فیدرالیزەکردن و چەسپاندنی مافە نەچەسپاوەکانی لانیکەم تا هیچ هێزو گروپێکی غەیرەکورد نەتوانێ جارێکی تر پێشێلی بکات،دەبێ لەبری ئەو ئەدا  تاکسەرۆکی و تاکپەرستیەی رابردوو  رێگایەکی تر بدۆزینەوە کە ژیانی سیاسیمان بکاتە پرۆژە لەبەرانبەر دوژمنێکدا کە بەردەوام دەموچاوەکانی خۆیمان لێ ئەگۆرێت و بە تاکتیکەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەکات، واتە ئەبێت ئەدای سەرۆك ئەدایەکی دیموکراتیك و شۆرشگێری شاریانە بێت نەك حیزبی و خاوەنی دیدو تێروانینی خۆشی بێت، بۆیە ئەجێندا زۆر گرنگە بۆ سەرۆك تا ئەو ئاستەی  ئەبێ بزانین  ئەزمونی شاخ و مێژووی سەروەری و بەرائەتی سەنگەر نامەکانمان ناتوانێت بۆ ساتێکیش بەرگریی لە خۆی بکات لە ئاست ناعەدالەتی دەوڵەتی و لە ئاست رەخنەیەکی قانونیانەو دەنگ هەڵبرینی هاولاتیەکی برسیدا.

لە نێو دامەزراوەی حکومی و کۆشکی سەرۆکایەتی دەوڵەتیدا شتەکان وون نابن و کارەکانیش قورس و گرانن  گران بە مانای یەکسانکردنی چاوەکان بۆ بینینی خەڵکی، جیاواز لە فەزای حیزبیانە کە لە ناو حیزبدا زۆر شت ئەپۆشرێت بەڵام لە ناو دامەزراوەی مۆدێرندا  ئاستەمە، بەتایبەتی ئێمەی کورد هەوڵ بۆ دەوڵەتی دیموکراسی و دامەزراوەیی ئەدەین و ئەبێت سیستمە ریئاسیەکانیشمان بەو رێگایەدا بروات کە هەموو روبەرە تاریکەکان کەشف بکات بەو شێوەی کە بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و دەوڵەتی مۆدێرندا، وەك چۆن دونیای رۆژئاوا دونیایەکە شتەکان بە ئاشکرا ئەبینیت و گەر نەشت بینی ئەتوانیت بچیت لە دادگایەکدا سۆراخی بکەیت و بیبینیت و لێپێچینەوەو تەعنیشی بکەیت، واتە ساتەوەختێك نیە بۆ خەون بینین تا گەشتن بۆ لای کۆشکی سەرۆك و دەمەتەقێی رۆژانی خەبات؟! وەهمێکی گەورەیە کە حەز لە بینینی سەرۆك بکەین و بچینەلای و داوای مەکانەت و پۆست بکەین و خەڵکانێکیش هەبن لە عەزابدا بژین، کاتێ ماف و سەروەریمان پارێزراو بوو ئیدی ئەو رۆحە لەناو خۆماندا ئەکوژین کە بینینی سەرۆك کیسەکانمان پر ئەکات و ژیانمان ئەگۆرێت، واتە لە هاوکێشەی دیموکراسیەتی غەربیدا شتێك نییە بە مانای حەزکردن لە سەردانی سەرۆك و وەرگرتنی ئیمتیاز،ئەوەی هەیە بیرکردنەوەیە لە نەهێشتنی ئەو عەزابەی کە تاکی کۆمەڵگا پێوەی گیرۆدەیە، هەربۆیە لە کولتوری رۆژئاواییدا کە سەرۆك دەورەی سەرۆکایەتی تەواو ئەبێت وەك بۆشی باوك و بلکلنتۆن و گێرهاردشرۆیدەرو جۆن مێجەرو میتیران وئۆلبرایت و تاد ئیدی ئەچنەوە دۆخی ئاسایی و رەنگە بە ماسیگرتن و کتێب خوێندنەوەو مامۆستایی و توێژینەوەوە سەرگەرم بکەن و شتێك نییە بە ناوی تابۆکردن،

کورد لەم قۆناغەدا ئەبێت ئەوە بزانێت سەرۆك بۆ هیچ میللەتێك نەماوەتەوەو ناشمێنێتەوەو دیاردەیەکی راگوزەریانەی هەر میللەتێکە، بەڵام ئەوە گوتارو ئەجێندای نەتەوەیە کە نامرێت، ئەوە گلاسنۆست برۆسترۆیکاکەی میخایل گۆرباشۆفە کە تائێستا هەر باسی ئەکرێ و نەمریی هەیە، ئەوە پلانی مارشاڵی ئەمریکی دوای جەنگی جیهانی دووەمە کە هەر بە نەمریی باس ئەکرێ، ئەوە پرۆژە ریفۆرمیەکەی مارتن لۆسەری مەسیحیە کە چۆن بوویە مانیفێستی ژیاندۆستی هەژاران و لەرەگەوە هەڵکێشانی ئەپارتایدو راسیزمی رەش و سپی و دواجار بوە سومبولی مرۆڤدۆستی و مانەوە، ئەوە ریفۆرم و خەسڵەتی وەك یەکی و مرۆڤدۆستی وەك ماندێللا و گاندیە کە هەر ئەمێنێتەوە وەك رۆحی کۆمەڵگاو ئەحکامی کارپێکراو نەوە دوای نەوەش پارێزراو ئەبێت.

کورد سەرۆك و سەرکردەی خۆی خۆش ئەوێت و سەلماندی و دەنگیشی پێبەخشی، دەبا ئەوانیش لە بەرانبەر ئەم پێدانی خۆشەویستیە و ئەم جۆش و خرۆشی بەسەرۆکبونەی ئەواندا رێز لە مافەکان بگرن و پشتگوێی داواکانی هاولاتیان نەخەن و کەمێك لەو ئەتەکێتە بێنەدەرو شوراو پرسگەوجامە تاریکەکان برمێنن و نەیکەنە ئەفسانەی بینینیان، رەخنەکردنی سەرۆك تکایە بە دوژمنکردنی سەرۆك مەیچوێنن ئەمە پرسێکی زۆرگرنگەو هەموو سەرۆکێکی دونیا شایانی رەخنە کردن و قابیلی هەڵەکردنیشە،دەشێت بەم کارە رەمزیەتێکی ترو قورساییەکی تری نەتەوەیی بۆ خۆیان دروست بکەن، من کاتێ خۆم بەهاوولاتی ئەزانم کە

خاوەنی چاوو زمان و رەخنەکانی خۆم بم، بینینی وێنەی سەۆك لە وێنەیەکی کاریکاتۆری سەر رۆژنامەیەکدا لام گەورەترو پیرۆزترە تا بینینی لە کۆشکێکدا، بە گریانەوە لام جوانترن تا ئەو پێکەنینانەی ناو تیڤییەکان کە نازانم بۆچی بێ هۆ پێئەکەنن، خاکی و متەوازیع بن باشتر ئەچنە دڵی خەڵکیەوە وەك گاندی و ماندێللا.

لە سەرەتای سەۆکبونماندا لە عیراق کە خاوەنی دوو سەرۆکین ئەبێت کولتوری چەپڵە لێدان و بەخشینەوەی ئیمتیازە زۆرەکان بگۆرین بەرەو ستراتیجی پرۆژەی رەخنەگرانە و خۆدروستکردن و رای شەقام دروستکردن بەو شێوەیەی کە سەرۆك ئیدی بەناوی حیزبەکەی خۆیەوە قسە نەکات ئەوەندەی دەبێت هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بە یەك چاو سەیر بکات و خاوەنداریێتی ئەو سەرۆکانەش نابێت لەو قاڵبە ئایدۆلۆژیە بەرتەسکە بمێنێتەوە، چونکە سەرۆك ئەبێت بە مانا مەعریفی و سیاسی و مۆراڵیەکەی سەرۆك بێت نەك بە مانا زمانەوانیەکەی و درێژەپێدانی ژیانی سەرۆکیش لە مەکتەب سیاسی حیزبی بەرەو ئۆفیسی دەوڵەتی و دامودەزگایی ئەبێت لەگەڵ خۆیدا گوتارێکی تازەش بەرهەم بهێنێت کەگوتاری دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە نەك قۆرخکردن و تابۆکردن بۆ بنەماڵەو هۆزو ئاین و ئەتنیکەکانی خۆیان، بۆ خزم و کەسی خۆیان.

چونکە تا هەنووکە کورد سەرۆکی نەبووەو نییە بەو مانایەی لە ژێر رەشماڵی حیزبی و بنەماڵەیی بێتە دەرەوە بۆ هەمووان و لە خاوەنداریێتی تاقمێکی نوخبەو خۆپەرستەوە، ببێت بە سەرۆکی هەموو بێ خاوەن و بێ لانەو بێ نەواکانی ئەم کۆمەڵگایەوە، تاکی ئەم کۆمەڵگایە ئەگەر رووت و رەجاڵ و برسی و بێ پشت و پەناو بێ کارەباو بێ خانوو بوو، سەرۆکەکانیش خاوەنی سەدان ڤێللا ؟! ئەوکاتە من هەرگیز سەرۆکم ناوێت و پێی رازی نیم و ئەسڵەن پێویستم نییە!! سەرۆك ئەبێت وەکوهەڵەبجەییەکان قاچی قوراویی بێ و لیتاو بنۆشێ و لە عەزابدا بژی و شۆربێتەوە بە ناخی سوتاوو رۆحی هەڵقرچاوی خەڵکیدا و ئەوەندە موعجیبی کورسی و پۆستەکەی نەبێت، دەبێ پرۆژەی گۆران بەرهەم بهێنێت تا ئەمساڵمان لە ساڵی رابردوو نەچێ، زۆرگرنگە ئیتر بزانین ماناو مەغزا بۆ سەرۆك چیەو چۆن لە رابردوی دکتاتۆری و ستەمکاریی سەدامدا بەکار ئەهات و سەرەنجام ئەو سەرۆکەی هەموو تەمەنی سەرۆکایەتیەکەی لە کۆشکەکانی بەغدا و شاشەکانی تەلەفزیۆندا بە چەپڵە رێزان و زەردەخەنەی درۆ بەسەربرد چۆن کۆتایی بە ژیانی سەرۆکایەتی هات و چەندەش لاوازە لە بەردەم رەخنەی شاهید عەیانەکان و رسوایە لەبەردەم حاکمەکاندا.